# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٥ – ٢٠٢٥
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، گۆڤارێكی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەكادیمیای كوردییەوە دەردەكرێت و بایەخ بە توێژینەوەی كوردی لە بوارەكانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و كولتووریی كوردی دەدات.

گۆڤارەكە توێژینەوەكان بە زمانەكانی كوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەكاتەوە و یەكەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.

ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حكوومەتی هەرێمی كوردستانەوە، بۆ بەرزكردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێكراوە.


* ڕێكخەری كاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک

* دیزاین: هەرێم عوسمان



* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی:

Web: journal.ka.gov.krd

* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd

* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن:
پەسەندکردن:

# تایبەتمەندییەکانی زمانی ئایینی
# لە پرۆسەی بەکوردیکردندا وەک نموونە

کارا فاتیح عومەر
بەشی کوردیی فاکەڵتیی پەروەردە
زانکۆی کۆیە
karafateh@yahoo.com

پ.د. عومەر مەحمود کەریم
بەشی کوردیی
فاکەڵتیی پەروەردە
زانکۆی کۆیە
omar.mahmood@koyauniversity.org

پوختە

"تایبەتمەندییەکانی زمانی ئایینی لە پرۆسەی بەکوردیکردندا وەک نموونە" ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەیە، لە پێناو زیاتر ناسینی زمانی ئایینی و دەسەڵاتی وەرگێڕاندا بەسەر ئەم زمانەدا کراوە. بواری لێکۆڵینەوەکە زمانی ئایینییە، لە ناو ئایینەکانیشدا بە دیاریکراوی مەبەستمان ئایینی ئیسلامە. ئەم زمانە دابەش دەبێت بۆ زمانی دەقی قورئان و کتێبەکانی سوننەت، دواتر پەیدابوونی چەندین ئایینزا و کۆمەڵەی جیاجیا کە هەریەکیان خاوەنی تایبەتمەندیی زمانیی خۆیانن، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە زمانی ئایینیی تێکستی پیرۆزی قورئانە. هەڵبژاردنی ئەم بابەتە جگە لەوەی پێویستییەکی ئەکادیمییە، هاوکات ئەم جۆرە توێژینەوانە لە زمانی کوردیدا زۆر پێویستن. لەم توێژینەوەیەدا پەیرەویی لە ڕێبازی شیکاریی پەیوەندی (Correlation Analysis Approach) کراوە بە پشتبەستن بە زمانەوانیی درکپێکردن کۆمەڵێک ئەنجام بەدەست بهێنێت، لەوانە ئاستی دەسەڵاتی وەرگێڕان بەسەر زمانی ئایینیدا. توێژینەوەیەکە لە سێ بەش پێک هاتووە: بەشی یەکەم لە ژێر ناوی "زمانی ئایینی: وەک زمانی خودا" ئاماژە بۆ کۆمەڵێک سیفەتی خودایی زمانی ئایینی دەکرێت، لەوانە: پیرۆزی، پەرەجۆ، سرووش، نەگۆڕی، نادیار. "ڕواڵەتگەرایی زمانی ئایینی" ناونیشانی بەشی دووەمە و باس لە بابەتەکانی (جوانخوێندنەوە، لەبەرکردن) کراوە. لە بەشی سێیەمدا لە ژێر ناوی "ڕەوانبێژیی زمانی ئایینی"دا باس لە بابەتەکانی (تەمومژی، میتافۆڕ، وێنەی شیعری) لە زمانی ئایینیدا کراوە.

کلیلەوشە: زمانی ئایینی، پیرۆزی، میتافۆڕ، تەمومژ، نادیار

## پێشەکی

تایبەتمەندییەکانی زمانی ئایینی زۆرن و ئەم باسە گشتگیرە، بۆیە لێرەدا توێژینەوە لە سەر ئەو خاڵانە دەکەین کە گرنگترینن، دواتر دەسەڵاتی وەرگێڕان لە ڕێی ئەم تایبەتمەندییانەوە دیاری دەکەین و کێشەکانی وەرگێڕ نیشان دەدەین. بواری توێژینەوەکە پرۆسەی بەکوردیکردنە لە ناو زمانی ئایینیدا، بە تایبەت ئایینی ئیسلامدا، ئەم ئایینە زمانەکەی بۆ زمانی دەقی قورئان و کتێبەکانی سوننەت و دواتر پەیدابوونی چەندین ئایینزا و مەزهەب و کۆمەڵەی جیاجیا دابەش دەبێت، بۆیە ئەوەی مەبەستمانە زمانی ئایینیی تێکستی پیرۆزی قورئانە. جگە لەوەی پێویستییەکی ئەکادیمییە، هاوکات ئەم جۆرە توێژینەوانە لە زمانی کوردیدا پێویستن و پرۆسەی بەکوردیکردنی زمانی ئایینی ڕووبەری قسەلێنەکراوی زۆرە کە توێژینەوەی ئەکادیمیی بە زمانی کوردی لە سەر نەکراوە. لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی لە ڕێبازی شیکاریی پەیوەندی کراوە، بە پشتبەستن بە زمانەوانیی درکپێکردن. توێژینەوە لە زمانی ئایینی بە ناو تۆڕێکی ئاڵۆزی زمانی پیرۆز و بابەتی هەستیار و هەڵگری لێکدانەوە و ڕاڤەی جیاجیادا دەڕوات، بۆیە بەکێشەکردنی ئەم بابەتە بۆ بواری توێژینەوەی زانستی گرنگیی خۆی هەیە. ئەو پرسیارانەی لەم توێژینەوەدا دەکرێن؛ بریتین لە ئەو تایبەتمەندییانە چین، زمانی ئاسایی لە زمانی ئایینی جیا دەکەنەوە؟ ئایا زمانی ئایینی هاوشێوەی زمانی ئاسایی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگوازرێتەوە؟ ئایا وەرگێڕان هەمان دەسەڵاتی بەسەر زمانی ئایینیدا هەیە، کە بەسەر زمانی ئاساییدا هەیەتی؟ ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێک هاتووە: لە بەشی یەکەمدا "زمانی ئایینی: وەک زمانی خودا"، ئاماژە بۆ کۆمەڵێک سیفەتی خودایی زمانی ئایینی دەکرێت، لەوانە: پیرۆزی، پەرەجۆ، سرووش، نەگۆڕی، نادیار. "ڕواڵەتگەرایی زمانی ئایینی" ناونیشانی بەشی دووەمە و باس لە بابەتەکانی (جوانخوێندنەوە، لەبەرکردن) کراوە. لە بەشی سێیەمدا؛ "ڕەوانبێژیی زمانی ئایینی" باس لە بابەتەکانی (تەمومژ، میتافۆر، وێنەی شیعری) لە زمانی ئایینیدا کراوە. لە کۆتاییشدا وەک ئەنجامی باسکردنی ئەم تایبەتمەندییانە، بە چەند خاڵێک دەسەڵاتی وەرگێڕان بەسەر ئەم زمانەدا خراوەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم
## زمانی ئایینی: وەک زمانی خودا

گرنگترین خاڵ وەک تایبەتمەندیی زمانی ئایینی باس بکرێت ئەوەیە زمانی ئایینی وەک زمانی خودا سەیر دەکرێت، واتە تایبەتمەندییەکی خودایی هەیە، ئەویش بە کۆمەڵێک بەڵگە، ئەو بەڵگانەش دەکەینە کۆمەڵێک سیفەت، کە لەم چەند خاڵەدا گرنگترینیان باس دەکرێت:

### ١-١. پیرۆزی

زمانی خودا سیفەتی پیرۆزیی هەڵگرتووە، زمانێکە دەبێت مامەڵەکردن لەگەڵیدا ئەدگاری فەرمی وەربگرێت و لە زمانی ئاسایی جیا بکرێتەوە. چەمکی پیرۆز بۆ هەموو شتێک بەگشتی لەو پێناسەیەدا بەرجەستە دەبێت: "هەمیشە خۆی وەک واقیعێک دەردەخات کە لە واقیعی سروشتی جیاوازە و بەرێزتر و سەرترە" (Eliade, 1963, 10). لەمەوە دەردەکەوێت پیرۆز پێچەوانە و بەرانبەر دەوەستێت لەگەڵ ئاساییدا. پێناسەی تر بۆ زمانی پیرۆز ئەوەیە: "ئەم زمانە بە شێوەیەکی باو لە سرووتە ئایینییەکاندا بەکار دێت و کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر زمانی ڕۆژانە هەیە" (بای ١٩٩٨: ٢٠٦). پێویستە ئاماژە بۆ

ئەوەش بکرێت "پیرۆزی پەیوەندیی بە خودی ئەو شتەوە نییە کە پیرۆزە، بەڵکوو هەستی تاکەکانە کە بە پیرۆز دەیانبینێت" (تۆفیق، ٢٠٢٠، ٨).

بە بۆچوونی "ڕۆجێ کایوا"، تێگەیشتنی قووڵ لە پیرۆزی هانی قسەکردنمان دەدات لە هەستکردن بە پیرۆزی، واتە لایەنی دەروونی و وردبوونەوە لە سایکۆلۆژیای پیرۆز یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتن لە پیرۆز. دواتر کایوا وای دەبینێت پیرۆزی جۆرێکە لە هەستیاری، هەستیارییەک باوەڕداری ئایینی لە بەرانبەر پیرۆزدا نوقمی ڕێز دەکات، هەر بۆیە کایوا پیرۆز وەک سیفەتێک نابینێت هێندە پێدراوێکی نهێنییە و بە بەرگی ئایدیا و شتەکاندا دەکرێت، ئەوانیش ڕەنگی ئەو پیرۆزییە دەگرن. "پیرۆز لە وێنە سادە و بنەڕەتی و سەرەتاییەکانیدا دەبێتە خاوەنی وزەیەکی ترسناک، دەستی تێگەیشتنی پێ ناگات، کێوییە و ماڵی ناکرێت، کاریگەر و پڕ چالاکییە" (کایوا ٢٠١٠: ٣٧-٤٠).

فەیلەسووف و تیۆلۆژیستی ئەڵمانی "ڕۆدڵف ئۆتۆ"، باس لە بنەماکانی ئایین و ئەزموونی پیرۆزی دەکات. لە دیدی ئۆتۆوە پیرۆز لە دەرەوەی گەردوون و زانین و لە سەروو سروشتەوەیە، باوەڕدار بچووکی و ملکەچیی خۆی لە بەرانبەر پیرۆزدا ئەزموون دەکات، بۆیە پرسیار لە چییەتیی پیرۆز ناکات و بیرکردنەوەی ڕەخنەییانە لە ئاستیدا ناخاتە کار. پیرۆز هەمیشە بە نهێنی، بڵندی و هەتاهەتایی دەمێنێتەوە و ستاییش دەکرێت، بەمەش پیرۆز تەنیا دەگێڕدرێتەوە و پیشان دەدرێت و بۆ ئەوی تر دەگوازرێتەوە، هەڵناسەنگێنرێت و ناگات بە دۆخێک هەڵبوەشێنرێتەوە. لەمەوە ئۆتۆ لە تێگەیشتن لە پیرۆزییەوە پەیوەندیی نێوان ئایین و هەستی مرۆڤ دەخوێنێتەوە و پێی وایە "پیرۆزی تەنیا وەک ڕاستییەکی سەروو سروشت لە ئەزموونی نۆمینۆسەوە سەرچاوە دەگرێت" (Otto 1924: 114).

مرۆڤ بە تایبەت مرۆڤی ئایینی، پیرۆزی و دواتر زمانی پیرۆز بە گرنگ دەزانێت، بۆیە ئەم زمانە وەرناگێڕێت، یاخود بە هەستیارییەوە هەوڵی وەرگێڕانی دەدات، چونکە پێی وایە گەر پیرۆزی نەبێت:

١-١-١. ژیان واتا و بەهای نامێنێت، بۆیە پیرۆزی یارمەتیی مرۆڤ دەدات واقیعی ماددی تێبپەڕێنێت، لەمەوە ئەرکی وەرگێڕان قورس دەبێت، چونکە وەرگێڕ دەکەوێتە بەردەم هەست و واقیعی نابەرجەستە.

١-١-٢. مرۆڤایەتی ئەخلاق و شکۆی نامێنێت، بۆیە پیرۆزی ڕێنمایی هەڵسوکەوت و پەیوەندییەکانی مرۆڤ دەکات. وەرگێڕان لێرەدا تەنها دەسەڵاتی بەسەر وشە و ڕستە و واتادا نییە، بەڵکوو دەبێت ئەم ئەرکەش جێبەجێ بکات.

١-١-٣. ئەگەر پیرۆزی نەبێت، مرۆڤ ئینتیمای بۆ هیچ شتێک نامێنێت و یەکڕیزی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەدا دەبێتە خەون. بۆیە پیرۆزی ئینتیمای مرۆڤ بۆ بەهاکان دەگەڕێنێتەوە. دەسەڵاتی وەرگێڕان لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەم ئینتیمایە بۆ زمانی دووەم بگوێزێتەوە.

١-١-٤. ئەگەر پیرۆزی نەبێت، مرۆڤ هەمیشە ناڕەحەت و غەمگین دەبێت. بۆیە پیرۆزی یارمەتیدەرە بۆ هەستکردن بە ئارامیی ڕۆحی. دەسەڵاتی دەقی وەرگێڕدراوی زمانی ئایینی کاتێک دەردەکەوێت ئەم هەست و ئاسوودەییە بۆ زمانی دووەم بگوێزێتەوە.

## ١-٢. پەرجوو (المعجزة)

زمانی ئایینی هەمیشە خۆی وەک پەرجوو دەناسێنێت. لە ئایینی ئیسلامدا قورئان بە ڕەهایی

وەکوو پەرجووی زمانی دانراوە. بڕواداران بە دڵنیایی پێیان وایە قورئان خۆی پەرجوویەکی ئاشکرایە، بە تایبەتی لە ڕووی ڕەوانبێژی و زمانی دەربڕینەوە. پەرجوو لە دیدی ئایینییەوە "ڕووداوێکی نائاساییە، لەلایەن پێغەمبەرێک یان نێردراوێکەوە دەردەکەوێت، بۆ سەلماندنی ڕاستیی پێشبینی و پەیامەکەی. پەرجوو ئاڵنگارییەکە بۆ گەلی پێغەمبەر، کە ناتوانن هەمان شت بکەن" (الرومي ٢٠٠٣، ٢٥٨). لە قورئانیشدا هاتووە: (قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا) (الإسراء: ٨٨)، "بێژە: ئەگەر مرۆ و جن، گش وەکۆ بن، وێنەی ئەم قورئانە بێنن، لە شبی ئەو دادەمێنن، با هەمووشیان پشتیوانی یەکتری بن." موسوڵمانان و لێکۆڵەران دەڵێن ئەم ئاڵنگارییانەی قورئان بۆ ئاستی بەرزی ڕەوانبێژیی ئەو دەقە ئایینییە دەگەڕێتەوە، دارشتنی قورئان هێندە بەهێزە هیچ کەسێک نەیتوانیوە و ناتوانێت دەقێکی هاوشێوە بنووسێت ئەگەرچی ئەدیب و زمانپاراو و ڕەوانبێژێکی لێهاتوویش بێت. ئەو خاسیەتەی قورئانیش بە لەتوانابەدەریی ڕەوانبێژی (الإعجاز البلاغي) ناسراوە.

شەرعناسانی ئایینی ئیسلام و پسپۆڕان لەم بارەیەوە قسەیان کردووە و بۆچوونی ناچوونیەک و پێچەوانەی یەکتریشیان دەربڕیوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی و بە نزیکی زۆربەیان لەگەڵ ئەمە کۆکن: "توانابەدەریی قورئان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەوانبێژییەکەی پێوەستە بە کۆی دەقەکانیەوە، لاوازی و بێهێزی لە هیچ شوێنێکی قورئاندا نابینرێت، کەس لە توانایدا نییە هاوشانی بێت و هاوشێوەی بهێنێت، گوزارشتی عەرەب و عەرەبیزمانان، زمانپاراوی و ڕەوانبێژییان فرە ئاستە، کرۆکی پاراوی و ڕەوانبێژییان لە بەشێک لە قسەکانیاندایە، هەندێک کاتیش بە پێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار بەها و جوانییان لاواز دەبێت و دەگۆڕدرێت، یاخود تەنیا لە هەندێک بەشی گوزارشتەکاندا دەمێنێتەوە. کەسی ڕەوانبێژ هەندێک جار ئاستی ڕەوانبێژییەکەی جۆرێک لە نەنگیی تێ دەکەوێت، نەوەک بەهۆی نەزانییەوە، بەڵکوو بەهۆی غەفڵەت، یاخود لێڵییەکی هزرییەوە، یاخود بەهۆی ئارەزوویەکەوە کە بەسەریدا زاڵ دەبێت هزر و بیری بەلایەکی تردا دەبات، واتە باش و کرچەکان لەخۆ دەگرێت، ئەم ئاریشەیە دووچاری هەر مرۆڤێکی باش دێت" (الزركشي ١٩٨٤: ١٠١). دەسەڵاتی وەرگێران لەوەدا دەردەکەوێت کە بتوانێت ئەم سیفەتی ڕەوانبێژییەی زمانی قورئان بگوێزێتەوە، تاوەکوو تایبەتمەندیی پەرجوویی ون نەکات.

### ١-٣. سرووش (الوحي)

لە دیدی ئایینییەوە؛ زمانی ئایینی سەرەتا گوتن بووە نەک نووسین، یەکەم جار بە شێوەی زارەکی دەستی پێ کردووە، قسەکردن و گوێگرتن ڕۆڵی هەبووە و دەروازەیەک بووە بۆ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی بە باوەڕی ئایینی، ئەم زمانەش ڕاستەوخۆ لە خوداوە بە گوێی پێغەمبەردا نەدراوە، بەو شێوەیە نەبووە کە خودا قسەکەر و پێغەمبەر گوێگر بووبێت، بەڵکوو خودا لە ڕێی فریشتەوە قسەی لەگەڵ پێغەمبەر کردووە. لە قورئاندا هاتووە: (وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحۡيًا أَوۡ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ أَوۡ يُرۡسِلَ رَسُولٗا فَيُوحِيَ بِإِذۡنِهِۦ مَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ عَلِيٌّ حَكِيمٞ) (الشورى: ٥١)، واتە: "هەرگیز خودا هیچ کەسێکی لە ڕووبەڕوو نەدواندووە. یان فەرمانی لە ڕای دڵیەوە ناردووە، یان لە پشت پەردەوە بووە، یان قاسیدێکی ناردووە و ئیزنی داوە چی دەخوازێ بەدڵی ڕابگەیەنێ. هەر ئەو جێ بەرز و کارزانە."

لەم بارەیەوە ئیبن سینا دەڵێت: "پێغەمبەر بەهۆی هێزێکی پیرۆزەوە (قُدْسِيَّة) دەتوانێت پەیوەندی بە فریشتەوە بکات. فریشتەش عەقڵێکی پوختە (مُجَرَّد)، 'واتە پاکە لە مادده و شوێن و کات'، عەقڵیش تەنیا دەتوانێت شتەکان بە شێوەی پوخت (مُجَرَّد) لێک بداتەوە –واتە لە ڕووی چەمکییەوە (مَعْقُول)– بێ ئەوەی پەیوەستی کات بێت. بۆیە ئەم پەیوەندییە لەو حاڵەتەدا واتایەک دەگەیەنێت: پێغەمبەر شتەکان بە بێ گەڕانەوە بە کاتەوە دەبینێتەوە" (غرابة ٢٠١٣:١٣٦).

چەمکی سرووش لە زماندا ئاگادارکردنەوەیەکی نهێنییە، بە پێی سەرچاوەکانی کەلەپووری ئیسلامی سرووش هەموو ئەمانە دەگرێتەوە: ئاماژەکردن، نیشاندان، نووسین و نووسراو، نامە و پەیام، فەرمان، هاندان و ڕێنمانی، قسە و وتەی نهێنی و هەر شتێک کە بە شێوەیەکی نهێنی بە کەسێکی بگەیەنێت (الحنفي و أيوب ١٩٩٨: ٩١٨). هەروەها ڕاغیبی ئەسفەهانی دەڵێت: "سرووش ئاماژەیەکی خێرایە، چونکە سرووش خێرایی لەخۆ دەگرێت و پێی دەگوترێت فەرمانێکی خێرا، ئەمە دەکرێت بە شێوەی قسەکردن، یان نهێنی و ڕەمزی و ناڕاستەوخۆ بێت، یان دەکرێت تەنیا دەنگێک بێت بە ئاماژە بە بەشێک لە ئەندامەکانی لەش یان بە نووسین" (الأصفهاني ١٤١٢هـ ٥٥٨).

لە "لیسان العرب"دا هاتووە "واتە هێما و ئاماژەیەکی نهێنی. دەگوترێت 'أوحيت الى فلان' (وەحیم کرد بۆ فلان)، واتە بە قسەیەکی خێرا و شاراوە، لە قورئانیشدا بە واتای ئیلهامی غەریزی و وەسوەسە لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ و لە شەیتانەوە بۆ مرۆڤ و ئیشارە و ئاماژەپێکردن هاتووە" (إبنفارس ١٣٧١: ٩٣). لە زمانی عەرەبیدا سرووش واتای ئاماژەی خێرا و دواندنی نهێنی دەگەیەنێت، ئەمەش هێمائامێزە، وشەی سرووش چاوگە و ئاماژەیە بۆ دوو واتای سەرەکی: پەنهانی و دووەم خێرایی، بۆیە گوتراوە سرووش (وەحی) ئاگادارکردنەوەیەکی پەنهانیی خێرای تایبەتە بۆ ئەو کەسەی بۆی دێت، بە شێوازێک کەسی تر پێی نازانێت: ئاگادارکردنەوەی نهێنی و خێرا. گواستنەوەی سیفەتی سرووشی زمانی ئایینی بۆ زمانی دووەم بابەتێکی هەستیار و قورسە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە زۆر لە باوەڕداران خۆیان لە قەرەی وەرگێڕانی زمانی ئایینی نەداوە، تەنانەت دژیشی بوون، هەروەک نموونەی هاتنەخوارەوەی سرووش بۆ پێغەمبەر و دابەزینی فەرمانێکی نهێنی و خێرا: "اقْرَأْ". پێغەمبەر گوتی چی بخوێنم؟ خودا لە ڕێی سرووشەوە: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ) (العلق: ١): "بخوێنە بە ناوی پەروەردگارتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردووە."

## ١-٤. نەگۆڕی

گۆڕان سیفەتی زمانە، هیچ زمانێک نییە وەک خۆی بمێنێتەوە و نەگۆڕێت، هەموو زمانێک لە هەموو ئاستەکاندا گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە زمان پێویستییەکی ژیانی مرۆڤە، هەلومەرجی ژیانی مرۆڤیش بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش دیارترین هۆیە بۆ گۆڕانی هەر زمانێک و هۆکاری تریش زۆرن کار دەکەنە سەر زمانێکی دیاریکراو و دەیگۆڕن، لەوانە کاریگەریی زمانەکان لە سەر یەکتر، گۆڕانی سەردەم و نەوەکان و... هتد، بەڵام زمانی ئایینی (لێرەدا بە دیاریکراوی تەنها مەبەستمان لە تێکستی قورئانە، چونکە جۆرەکانی تری زمانی ئایینی ناگرێتەوە)، خۆی لەم گۆڕانە دەپارێزێت و سروشتی وایە بە نەگۆڕی بمێنێتەوە، لەبەرئەوەشە ڕێگری و بەرهەڵستی دەکرێت لە وەرگێڕانی زمانی

ئەم تێکستە و گەر وەریشبگێڕدرێت، سروشتی ڕاڤەیی وەردەگرێت و باوەڕداران لە کاتی پێویستدا بەردەوام دەگەڕێنەوە بۆ تێکستە بنچینەییەکە و دەقەکانی ئەویش وەک خۆی بەکار دەهێننەوە.

"ئێدوارد ساپیر بۆ سەلماندنی ئەوەی کە زمان بەردەوام لە گۆڕاندایە، زمان بە شەپۆلی دەریا دەشوبهێنێت کە ناوەستێت و ئاراستەی هەیە، جیاوازیی کەسی دەبێتە هۆی ئەوەی زمان بەم لا، یان بەو لادا ئاراستەی خۆی وەربگرێت" (معاذ :٢٠٠٩ ١١٠). گۆڕانی زمان بابەتێکە ڕاستی و حاشاهەڵنەگریی بۆ ئەو زانستانەی دەرەوەی زمانناسییش سەلماوە، پەیوەندار بە زمانیشەوە وەک ڕاستییەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. کاتێک ژیار و ژیانی کۆمەڵێک دەگۆڕێت، هێدی هێدی زاراوەکان و شێوازی ئەو زمانەش دەگۆڕێت و لەگەڵ پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵەی خاوەنی زمانەکەن دەسازێنرێت، ئەوەش کاریگەریی بەرچاوی هەیە بۆ ئەم گۆڕانە: "ئـ گۆڕانی نەوەکان، ب. کاتێک زمانێک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زمانی تر، پ. هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و جوگرافی و کولتووری و... هتد، کە کار لە سەر لێکۆڵینەوە و گەشەپێکردنی زمان دەکەن، کاریگەرییان لە سەر گۆڕان و گەشەپێکردنی زمانێکی دیاریکراو هەیە" (وافي ٢٩٤:٢٠٠٤). بەڵام زمانی ئایینی لەو شوێنەدا کە وەک زمانی خودا دەناسرێت، ڕادەستی ئەم کاریگەرییانە نابێت، لەگەڵ گۆڕانی نەوەکاندا وەک خۆی دەمێنێتەوە، زمانەکانی تر کاری تێ ناکەن، لە بەردەم هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و جوگرافی و کولتووری و... هتد؛ خۆی دەپارێزێت و بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، هەروەک ئەوەی چەندین سەدەیە زمانی بنچینەیی تێکستی قورئانی پیرۆز وەک خۆی ماوەتەوە، هەر ئەو خاڵەشە دەکرێت بە پەرجووی ئەم تێکستە.

١-٥. غەیب

لە ئایینی ئیسلامدا غەیب بە واتای ئەو شتانەیە کە لە بینین و زانینی مرۆڤ دوورن و تەنیا خودا زانیاریی تەواوی لە سەریان هەیە، لە ڕێی پەیامبەرەوە بە خەڵکیان دەگەیەنێت. لە قورئاندا هاتووە: (ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ) (البقرة: ٣)، واتە: "ئەو کەسانەی بڕوایان بە نەدیار هەیە و نوێژ دەکەن و لەو بژێوەش کە ئێمە پێمان داون؛ دەبەخشن."

زمانی قورئان بە هەمان شێوە وشەی "نبي"ی بەکار هێناوە. ئیبن تەیمیە لەم بارەیەوە دەڵێت: "وشەی 'نبوة' لە وشەی 'الإنباء' هاتووە، 'النبي' فەعیلە، هەندێک جاریش فەعیل بە واتای بکەر دێت، واتە 'منبيء: ئەو کەسەی هەواڵ دەدات'، بە واتای بەرکار، واتە: 'منبأ' هەردووکیان وەک یەکتری وان، پێغەمبەر ئەوەی هەواڵ دەدات بەوەی خودا هەواڵی پێ داوە، یاخود ئەوەی کە خودا هەواڵی پێ دەدات، گەیەنەری ئەو هەواڵەیە کە خودا پێی دەگەیەنێت، ئەوەی خودا هەواڵی لە بارەوە دەدات هیچ کات درۆ و ناڕاست نییە، ئەویش واتای پێغەمبەر دەگەیەنێت، لە هەواڵەکانی خودا بە هیچ شێوەیەک نە لە ڕووی هەڵە، نە بە ئەنقەست گریمانەی هەڵە و ناڕاستی تێدا نییە" (الطوبان :٢٠٠٠ ٨٧٣). بەم جۆرە گەیاندنی هەواڵەکانی خودا بە مرۆڤ دەبێتە تایبەتمەندییەکی بەهێزی پێغەمبەرایەتی.

ئەو هەواڵانەی خودا لە ڕێی پێغەمبەرانەوە بە مرۆڤیان دەگەیەنێت، هەندێکیان دەکەونە داهاتووە و هەندێکیان لە ڕابردوودان، هەیانە ڕوویان داوە و هەیانە ڕوویان نەداوە، بەڵام بە پێی ئەو باوەڕە ئایینییە ڕوو دەدەن. لە دیدی ئایینییەوە هیچ کەس جگە لە خودا ئاگاداری غەیب نییە، مەگەر کەسانێک خودا هەواڵی پێ دابن، ئەوانیش پێغەمبەرانن،

لەمەوە وا بیر دەکرێتەوە پەیامە ئاسمانەییەکان چەندین پێشبینیی گرنگ و چاوەڕواننەکراویان تێدایە، جگە لە پێغەمبەران زۆر کەس دەتوانێت چ لە ڕێی زانستییەوە یان توانا و زیرەکیی کەسییەوە هەندێک پێشبینی بکات، بەڵام دیدی ئایینی پێی وایە هەواڵدانی دروست لە بارەی داهاتوو، کاتێک وەک تایبەتمەندییەکی پێغەمبەرایەتی لێک دەدرێنەوە و دەبێتە غەیبزانی، کە بە دڵنیایی ئەو پێشبینییە ڕاست بێت و ڕوودانی ئەو بابەتەش تا ڕادەیەکی زۆر مەحاڵ بێت، چونکە بابەتی مەحاڵ پێشبینیی ڕوودانی ئەستەمە، بۆیە بەگشتی دەتوانین بڵێین زمانی ئایینی قسەکردن لە غەیب یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی، وەرگێران کاتێک دەسەڵاتی دەردەکەوێت کە بتوانێت کەشی نادیاریی زمانی ئایینی بۆ زمانی دووەم بگوێزێتەوە.

## بەشی دووەم
## ڕواڵەتگەرایی زمانی ئایینی

لە ڕووی ڕواڵەت و فۆرمەوە زمانی ئایینی خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، تا ڕادەیەک شێوازی لە شێوازی زمانی تر ناچێت، یان هەندێک جیاوازیی هەیە. مامەڵەی ڕووکەش لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا بەوانە دەگوترێت کە قووڵاییەکی ڕۆحی و سۆزدارییان نییە، بە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە دانانرێن، یان ناکرێت دابنرێن، چونکە هەر ساتێک ئەو مامەڵەیە هەر کۆتایی دێت و ئەو پەیوەندییە لە بەردەم پچڕاندایە، بەڵام مامەڵەی ڕووکەش و ڕواڵەتگەرایی لەگەڵ تێکستی زمانی ئایینیدا ناکرێت، پێی بگوترێت قووڵاییەکی مەعنەوی و سۆزداریی نییە، بەڵکوو پڕە لە قووڵایی ڕۆحی و سۆزداری. لەم مامەڵەیەدا ڕێز دەگاتە دوا ترۆپکی خۆی، ناتوانین بڵێین ئەمە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە نییە، بەڵکوو بە واتای وشە دەکرێت پەیوەندییەکی ڕاستەقینە بێت. ئەم پەیوەندییە هەر چەند لە سەر بنەمای بەرژەوەندییە، بڕوادار چاوەڕێی پاداشت و خۆبەدوورگرتن لە سزای دۆزەخ و بەزەیی خودایە، بەڵام ئەم بەرژەوەندییە زوو تێپەڕ و کاتی و لەرزۆک نییە، بەڵکوو دەکرێت بەردەوام و پتەو و هەمیشەیی بێت.

زۆر جار گوێمان لێ دەبێت ڕووکەشی وەک ئاوەڵناوێک دەخرێنە پاڵ ئەو کەسانەی ناتوانن بە قووڵی و جیاواز لە باو لە دیاردەیەک، کێشەیەک، بابەتێک بدوێن و بیر بکەنەوە، دیدێکی گرنگیان نییە، بەڵام سیما بە تایبەت سیمای زمانی ئایینی دەتوانێت هەم قووڵ و جیاواز، هەم گرنگ بێت، لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێک لەو خاڵانە دەکەین کە وەک ڕووکاری تێکستی زمانی ئایینی دەردەکەون:

### ٢-١. ڕەوانخوێندنەوە (التجوید)

زمانی تێکستی پیرۆزی ئایینی خوێندنەوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم خوێندنەوەش ناوێکی هەیە: تەجوید (جوانخوێندنەوە). جەلالەدینی سیوتی دەڵێت: "تەجوید جوانکارییە لە خوێندنەوەی قورئاندا، بریتییە لە مافپێدان بە پیتەکان و ڕیزبەندییان، گەڕاندنەوەی هەر پیتێک بۆ ڕێڕەوی دەرچوون و چاوگی خۆی، نەرمکردنی دەربڕینە تا ئەوپەڕی شێوەی خۆی، بە بێ زیادەڕۆیی، توندی، ڕادەبەدەری و سەختی" (السیوطي ١٩٧٤:٣٢٢).

لە چەند ئایەتێکدا باس لەوە کراوە دەبێت خوێندنەوەی قورئان بە جوانی و ڕێکوپێکی بێت، چونکە خوێندنەوەی قورئان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر خوێنەر و گوێگر هەیە: (أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا) (المزمل: ٤)، یان: (وَقُرۡءَانا فَرَقۡنَٰهُ لِتَقۡرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكۡث وَنَزَّلۡنَٰهُ تَنزِيل□ا) (الإسراء: ١٠٦)، دەبێت

گرنگی بە خوێندنەوەی قورئان بدرێت. "پێغەمبەری ئیسلام ئاماژەی بە جۆرێکی تایبەت لە خوێندنەوەی قورئان کردووە، تاوەکوو باشترین و کاریگەرترین ڕێ بێت بۆ کاریگەریی پەیامەکانی لە سەر دڵەکان" (کاشانی ١٣٨٧ق:١٢٠).

وشـەی "تـەرتـیل" کە لـەو ئایـەتـەی پێشتردا هاتووە، بە واتای هێمنی لە خوێندنەوە و جۆرێک لە ئیقاعی لەسەرخۆ دێت، بۆیە جوانخوێندنەوەی قورئان پێی دەگوترێت تیلاوەت (تلاوت). لە هونەری جوانخوێندنەوەی قورئاندا وەستان و دەستپێکردنی تایبەت هەیە، بەرزی و نزمیی دیاریکراو هەیە، ئەمانەش هەموو لە پێناو گەیاندنی واتا و جۆرێک لە کاریگەری لە ڕێی ئاواز و جۆرێک لە خوێندنەوەی مۆزیکئامێزی جیاواز لەو پەیامەی تێکستەکە دەیگەیەنێت، یان زیاتر خزمەتکردن و زووتر و کاریگەرتر گەیاندنی پەیامەکە. ئیبن فارس لە واتای تیلاوەت (تلاوت)دا دەڵێت: "واتای 'شوێنکەوتن' و 'بەدواداچوون'ە. دەگوترێت 'تَلَوَّتَ' کاتێک شتێک بەدوایدا دەچێت، یان شوێنی دەکەوێت" (فارس ١٣٧١ش:١٠). تیلاوەت (تلاوت) زانست و شارەزایی تایبەتی لە خوێندنەوەی قورئاندا دەگەیەنێت، ئەم وشەیە بە شێوەیەکی دیاریکراو واتای خوێندنەوەی قورئان دەدات، خوێندنەوە "قیرائەت و گوتنە، دواتر گێڕانەوە و شوێنکەوتن و بەدواداچوونە. مەبەست لە شوێنکەوتن و بەدواداچوون بنەڕەتی واتای وشەکەیە لە زمانی عەرەبیدا، بۆیە پێی دەگوترێت تیلاوەت (تلاوت)ی قورئان، چونکە لە قورئاندا هەر ئایەتێک دوای ئایەتێکی تر دێت، واتە یەک لەدوای یەک و شوێنی یەکتر دەکەون." "تیلاوەت تەنیا وشەیەکە بۆ خوێندنەوەی قورئان و ئامانجی سەرەکیی گەیشتن بە گوێڕایەڵیی لە ناوەوە هەڵگرتووە" (اسماعیل ١٩٧٨:١٨). لە پێناسەیەکی تردا "تلاوت" واتای "تەرتیل" دەگەیەنێت. "تلاوت" لە نیمچەدوورگەی عەرەبیدا پێش ئیسلام بە واتای خوێندنەوەی شیعر بەکار هاتووە، ئەم جۆرە خوێندنەوانە بە دۆخی نزمخوێندن (زمزمة) هاوەڵ بوو کە پێی دەگوترا (تەرتیل). زەمزەمە جۆرێکە لە نەرمخوێندنەوە، دۆخێکی ئارام و هێمنە، ئەمەش سەر دەکێشێت بۆ جۆرێک لە خەمناکی. هەندێک لە گێڕانەوەکان دەڵێن پێغەمبەر خۆی قورئانی بە شێوەیەکی خەمناک خوێندووەتەوە، خوێندنەوەیەک گوێگری غەمگین دەکرد، چونکە گێڕانەوە هەیە دەڵێت "قورئان بە خەمبارییەوە دابەزیوە، بۆیە بەو شێوەیەش دەخوێنرێتەوە، هەروەک چۆن گێڕانەوەکان ئەوە دەردەخەن کە پێغەمبەر خۆی بە غەمگینی قورئانی خوێندووەتەوە" (مجلسی ١٤٠٤ق:١٩١).

پێغەمبەر لە کاتی قورئانخوێندندا دەنگی خۆی دەکشاند و پیتەکانی درێژ دەکردەوە. "عەلیی کوڕی ئەبو تالیب دەڵێت، پێغەمبەر بە دەنگێکی خۆش و کشاو قورئانی دەخوێند" (سەخاوی بی تا، ٥٢٥). لە بارەی دەنگخۆشیی پێغەمبەریشەوە، عەلیی کوڕی ئەبو تالیب هەروەها دەڵێت: "پێغەمبەر لە خوێندنەوەی قورئاندا دەنگێکی خۆشی هەبوو" (طباطبایی ١٣٨٧ش: ٣١١). لەمەوە دەزانین کە شتێکی حاشاهەڵنەگرە خوێندنەوە بە ئاواز و کەشی موناجات و موزیکی، دەتوانن لە دەربڕینی چەمک و دەستەواژەی قورئانیدا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبێت" (المهدی ١٩٩٣: ٣٠٤). ئەوەی گرنگە لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا بڕی کاریگەرییەتی بۆ سەر گوێگر، بە شێوەیەک "ئاستی سەرنجڕاکێشی و کاریگەریی بە تەواوی بەرز دەکاتەوە" (رحمانی ١٣٩٣ش: ٥٤).

ئایین پێویستی بە پەیوەستەگییەکی ڕۆحی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە، بەو شێوەیە هەموو دەمێک

لەگەڵ مرۆڤدا دەژی و بێ ئەو ڕایەڵە مەعنەوییە بەو شێوەیە لە هەست و نەستی مرۆڤدا بە قورسی و قووڵی ناچەسپێت. زمانی ئایینیش مەرج نییە زمانی هەموو مرۆڤێک بێت، زۆر مرۆڤ هەن بە ڕوونی و تەنانەت بە ئاستێکی زۆر کەمیش ناتوانن لەو زمانەی ئایین تێبگەن، بۆیە ئایین پێویستیی بە دەروازەیەکی ترە بۆ ئەوەی بێتە ناو جیهانی ڕۆحیی مرۆڤەوە و کاریگەریی دەروونیی لە سەر هەبێت، یەک لەو دەروازانەش خوێندنەوەی زمانی ئایینی و تێکستی پیرۆزە بە ئاواز و دروستکردنی موناجاتێکی ڕۆحییە، بەو شێوەیە مرۆڤ تەنانەت بێ ئەوەی لە زمانی ئایینی تێبگات، کەچی ئەو زمانە لای پیرۆز دەبێت و باوەڕی پێ دەهێنێت، گوێڕایەڵی و پەیڕەویی لێ دەکات. موزیک و لەوێوە حوزن و گریان لە ڕێی جوانخوێندنەوەی قورئانەوە پەیوەندیی بەتینی نێوان زمانی ئایینی و ئاییندارانە، بە تایبەت ئەوانەی لەو زمانە تێناگەن. "ئەستەمە و نەبووە و ناکرێت ئایینێک هەبێت کە موزیک وەک دیاردەیەکی کولتوورەکەی لەخۆ نەگرێت، تا دەگاتە ئەوەی لە هەندێکیاندا گۆرانی و سەماش پێڕەو دەکرێت" (بنحدو :٢٠١٠ ٨٠).

گواستنەوەی کەشی ئاهەنگسازی و گۆرانیئامێزی زمانی ئایینی بۆ وەرگێڕ قورس و ئەستەمە، چونکە ئەم بابەتە ناچێتە ناو چوارچێوەی دەسەڵاتی وەرگێڕەوە، بۆیە دەبێت بە توانای خۆی هەوڵ بدات لە زمانی دووەمدا خۆی ئەم کەشە دروست بکاتەوە و بە پێی ئەو زمانە جارێکی تر زمانی وەرگێڕدراو موزیکی بکاتەوە و ڕیتم و ئاوازی خوێندنەوەی بۆ بونیاد بنێتەوە.

٢-٢. لەبەرکردن (الحفظ)

لە سەر بناغەی ئەوەی زمانی ئایینیی خودا بە سرووش هاتووە، سرووشیش بە شێوەیەکی زارەکی و بە قسەکردن و گوێگرتن دروست بووە، بۆیە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەم زمانەوە کردەی لەبەرکردن ڕۆڵی گەورەی هەبووە. موسوڵمانان لە ڕۆژگاری سەرەتای دەرکەوتنی ئایینەکەیاندا گرنگییان بە لەبەرکردن و فێربوونی قورئانی پیرۆز داوە، ئەوان هەر لە منداڵییەوە فێرکردن و لەبەرکردنی قورئان (ئەگەر چەند ئایەتێکی کەمیش بێت) دەخەنە چوارچێوەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، جگە لە بەهێزیی باوەڕ بە ئایینەکە و خێر و پاداشتی پرۆسەکە (ئەگەرچی بە ڕوونی قورئان داوای نەکردووە ئایەتەکانی لەبەر بکرێن)، بەڵام هۆکاری ئەم پرۆسەیە لەگەڵ ئەوەی فرە هۆکارە، زێدەتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە وەک ئیبن خەلدوون دەڵێت: "قورئان وەک بناغەیەک گەشەسەندنی کارامەییەکانی دواتری مرۆڤی لە سەر بنیات دەنرێت، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە پەروەردە لە منداڵیدا توند دەچەسپێت و بناغەیە بۆ ئەوەی بەدوایدا دێت، سەرەتاکان بۆ دڵەکان وەک بناغەی تواناکان وان" (خلدون:٢٠١٤ ٢٧٥).

شارەزایانی موسوڵمان چەندین سوودی لەبەرکردنی قورئان بەدوای یەکدا ڕیز دەکەن:

٢-٢-١. لە نێو ئەو سوودە گەورانەی کە لەبەرکەرانی قورئانی پیرۆز بەدەستی دەهێنن، جگە لە پاداشتی گەورە، "فراوانیی زانست و سامانی زارەکی و شێوازی ئاخاوتنی باشە" (المغامسی ٢٠٠٤: ٨٧-١١٦).

٢-٢-٢. گوایە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز دەبێتە هۆی ئەوەی "یادەوەریی بەهێز و دەروون پتەو دەکات، شارەزایی لە خوێندنەوە باشتر دەکات، لەگەڵ ڕەوشتێکی جوان، ڕەفتاری ڕاستگۆ، قسەخۆشی و دەموڵەفزی شیرین... هتد" (نواب الدین، ١٤١٣هـ ١٩٣). لەبەرکردنی قورئان موسوڵمان پەروەردە دەکات بۆ

"ژیانێکی ڕاستگۆ و لێهاتوویی دەروونی، فێرکردن، بەرزکردنەوەی هەستەکانی لە خوداپەرستی و ترس و خۆبەزلنەزانین و سەرسامی، جگە لە ئادابەکانی ڕەفتار وەک کزکردنی نیگا، هێواشکردنەوەی دەنگ و... هتد" (النحلاوي ٢٠١٠: ٨٦).

٢-٢-٣. بەهۆی لەبەرکردنی قورئانەوە ڕامان لە ئایەتەکان و تێفکرینیان، تا لەگەڵ خوێندنەوەیان بە شێوەی لەبەر، تەفسیر و واتایان بکەنەوە بیر و شاراوە نەبن.

٢-٢-٤. گەشەپێدانی بەهرەی بەڵگەهێنانەوە بەهۆی لەبەرکردنی قورئان، بە جۆرێک لە هەر هەڵوێستێکدا، یان لە هاتنەپێشی هەر دۆخێکی جیاوازیی، یان ئاڕاستەکردنی پرسیاردا، یان گومان و... هتد، توانای هێنانەوەی ئایەتی گونجاوت بۆ ئەو بارودۆخە هەبێت. ئەمەش زۆر گرنگە، بەڵکوو هەر خۆی گرنگترین مەبەستە.

٢-٢-٥. لە کردەی لەبەرکردنی قورئان و گوتنەوەی بە شێوەی لەبەر، ئاوازە (ئینتۆنەیشن) خۆی ئاشکرا دەکات و ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت. ئاوازەی دەنگ، یان بەرزی و نزمیی دەنگ لە کردەی قسەکردندا دەگەیەنێت. لێرەدا ئاوازی قسەکردن واتە چۆنێتیی بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی دەنگ لەگەڵ تۆنی دەنگ بە واتای شێوەی دەربڕینی هەست بە دەنگەوە. هاوکات مۆزیکی زمان واتە ڕیتم و ئاهەنگی قسەکردن پێکەوە هەماهەنگی دەکەن بۆ ئەوەی کردە و خۆنمایشکردنی لەبەرکردن ڕۆڵی کاریگەریان دەربخەن.

٢-٢-٦. لەبەرکردنی قورئان و گوتنەوەی لەبەرخۆوە، یان دوای نوێژ، جۆرێک لە خشوعی (بێفیزی) دروست دەکات، هەستی پەشیمانی و داوای لێبوردن لە خودا و پشوویەکی ڕۆحی بە مرۆڤ دەبەخشن، وەک وێنەی سینەمایی ڕەفتاری پێچەوانەی دین دەهێننەوە یاد و لەبەرکەری قورئان بەدەم خوێندنی لەبەری قورئانەوە هەستی پەشیمانی دەردەبڕن و داوای بەخشین لە خودا دەکەن.

٢-٢-٧. لە هەمووی گرنگتر بۆ موسوڵمان شوێنپێهەڵگرتنی شێوازی خوێندنەوەی پێغەمبەرە بۆ ئایەتەکانی قورئان. سەبارەت بە بوارەکانی شارەزایی و کواڵتی بۆ لەبەرکەری کتێبی خودا، گرنگترینیان شارەزایی خوێندنەوە و ئاوازەکەیەتی بە شوێنکەوتنی نموونەی پێغەمبەری خودا. لەم بارەیەوە ئیبنولقیەم لە کاتی وەسفکردنی خوێندنەوەی پێغەمبەردا دەڵێت: "خوێندنەوەکەی سروودێک بوو نەک زۆر هێواش، نە بە پەلە، بەڵکوو خوێندنەوەیەکی هەماهەنگ بوو، پیت بە پیت، خوێندنەوەکەی ئایەت بە ئایەت دەبڕییەوە..." (إبن‌القيم ١٩٩٤: ٤٦٣). بۆیە لەبەرکەری کتێبی خودا دەبێت "خوێندنەوە و ئاوازەی دەقەکە شارەزا بێت و وریا بێت لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودا و هەڵە نەکات و بە ئاوازێکی نەشاز نەیخوێنێتەوە" (القرطبی٢٣:٢٠٠٣).

دەقی شیعر بۆ لەبەرکردن ئاسانە، بە تایبەت دەقێک کێش و سەرواى هەبێت، تێکستی قورئانیش هەر چەند شیعر نییە، بەڵام وێنەی شیعر بە ڕیتم و مۆزیکی شیعر چنراوە و ڕازێنراوەتەوە، بۆیە تێکستێکە بۆ لەبەرکردن دەشێت، بەڵام لەبەرکردنی ئەم تێکستە داواکراو نییە و خودی پرۆسەی لەبەرکردنیش لە پەروەردەی مۆدێرن پەسەندکراو نییە و بە گرفت بۆ زانین و گەشەکردنی هۆشیاری سەیر دەکرێت. دروستکردنەوەی ئەو ڕیتمە شیعرییەی زمانی ئایینی لە ناو زمانی دووەمدا، دەسەڵاتێکی شاعیرانەی بەرزی دەوێت کە ئەویش بۆ وەرگێڕ دەبێت بەهەند وەربگیردرێت، هەموو وەرگێڕێک ئەستەمە ئەو دەسەڵاتەی هەبێت.

لە سەرەتای دەسەڵاتداریێتیی ئیسلامەوە خەڵکانێکی موسوڵمانان هەبوون و ئێستاش هەن، قورئانیان لەبەر کردووە، تێیاندا هەیە بێ تێگەیشتن ئەم کارەی کردووە. نەک هەر ئەوە لەبەرکردنی قورئان کراوە بە پیشە و لە هەندێک بۆنەی کۆمەڵایەتی و پرسە و گۆڕستانەکاندا دەخوێنرێتەوە و لەبەرکردنی قورئان بە ئاستێک گەیشتووە ئێستا ناوەند و فێستیڤاڵ و پێشبڕکێی بۆ دەکرێتەوە و خەڵاتی بۆ دابین دەکرێت. لە کاتێکدا هیچ ئایەتێکی قورئان باسی لەبەرکردن و خێر و چاکەی لەبەرکردنی قورئانی نەکردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین کردەی لەبەرکردن لەم ئاستانەدا جگە لە کاتکوشتن و چەقبەستن؛ زانین بەرهەم ناهێنێت.

## بەشی سێیەم
## ڕەوانبێژیی زمانی ئایینی

زمانی ئایینی ڕەوانبێژییەکەی دەکرێتە بەڵگە و خاڵی بەهێزی سەلماندنی سیفەتی پەرجووبوونی، لەبەر چەند هۆکارێک ئاستی ڕەوانبێژیی ئەو زمانە دەکرێتە خاڵێکی بێهاوتا و جۆرێک لە داڕشتن و دەقێک پێک دەهێنن کە بە شێوەیەکی ڕەها توانای ئاڵنگاریی هەموو زمانێک و هەموو کەسێکی هەیە، بتوانن دەقێکی هاوشێوە بنووسن و ڕەوانبێژییەکی لەو جۆرە بەرجەستە بکەن. باوەڕداران پێیان وایە حیکمەتی ئیعجاز لە ڕەوانبێژیی قورئاندا لەلایەک لە پاراویی پەرجووئاسادایە لە هۆنینەوەی وشەکانی قورئاندا، کە جۆرێک سام و گەورەیی بە وشە و ڕستەکانی بەخشیوە و ڕوخسارێکی ناوازەیان پێ داوە، لەلایەکی تر ڕەوانبێژی لە توانای مرۆڤ بەدەر لە واتاکانی قورئاندا؛ ناوازەییەکی پەرجووئاسای تێدایە، کە ئەویش خاڵێکی تری بوونیەتی بە پەرجوویەکی زمانی و لەگەڵ زمانپاراویی لەئاساییبەدەری وشەکانی قورئان... هتد.

ڕەوانبێژی "مەیلی لەوەیە واتا بە دڵەوە بنیشێت، لە قووڵاییی دڵەوە لەزەت ببەخشیت، واتە لە ڕووکەشدا ناهێڵێتەوە و بەرەو ناو دڵ ئاڕاستەی دەکات" (العسكري١٤١٩هـ: ١٠). لێرەدا پێویستی نییە جارێکی تر باس لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بکرێت و نموونەکانی لە زمانی ئایینیی خودادا دەربهێنرێت، چونکە زۆر سەرچاوە ئەو کارەیان کردووە، تەنیا سێ خاڵی تایبەتمەندیی دیاری ڕەوانبێژیی زمانی ئایینی باس دەکەین:

### ١-٣. تەمومژی (الغموض)

تەمومژی، یان ناڕوونی و لێڵی، لە بواری نووسین، وشە و دەقدا ئاماژەیە بۆ حاڵەتێک کە تێیدا دەستەواژەیەک، ڕستەیەک یان دەقێکی تەواو دەکرێت بە چەند شێوازێکی جیاواز لێک بدرێتەوە و زیاتر لە یەک واتای هەبێت. تەمومژی فیکری و میتۆدی و زاراوەیی هەندێک جار دیاردەیەکن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ڕووکەشییە فیکرییە و ناکۆکییە میتۆدییەی ناو نووسینەکە، بەڵام تەمومژی ئایینی ئاماژەیە بۆ بوونی دەق، ئایەت، یان چەمکی ئایینی، کە ڕوون نییە و ڕێگە بۆ لێکدانەوەی جیاواز و هەندێک جار دژبەیەک خۆش دەکات. ئەم ناڕوونییە دەتوانێت لە چەندین ئاستدا دەربکەوێت: (زمانەوانی، مێژوویی، کولتووری، فەلسەفی...)، کە تەمومژ لە دەقە ئایینییەکاندا وەک خاڵێکی لاواز سەیر ناکرێت، بەڵکوو وەک سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندیی فیکری و مانایی ئایینەکە دادەنرێت کە ڕێگە بە شوێنکەوتووانی دەدات بە پێی کات و شوێن لێکدانەوەی نوێ بۆ دەقەکان بکەن (شحرور، ٢٠٠٨:٢٣٥).

زمانی ئایینی ڕوون و بێگرێیە، بەو پێیەی بۆ خەڵک و ڕێنمایی و ڕوونکردنەوەی ڕێگەی ژیان هاتووە و دەیەوێت هەمووان گوێڕایەڵیی بکەن، بەڵام لە هەندێک شوێندا بارودۆخ و پێویستی وا دەکات تەمومژ و لێڵی بەرهەم بهێنێت.

زمانی ئایینیی خودا لە هەموو شتێکی پێوەست بە ژیان و گەردوون دەدوێت، باسی مردن و بوونی ژیانێک لەدوای مردن و گەڕانەوەی بۆ لای خودا دەکات، زۆر شت سەبارەت بە هەردوو دنیا دەڵێت، ئەو دنیا بۆ بەهەشت و دۆزەخ دابەش دەکات، پێوەرەکانی چوون بۆ هەریەکیان دەکات، ئەمە جگە لەوەی لە ڕۆژی لەدایکبوونی مرۆڤەوە سیستمێکی ڕەوشتی و دینی بۆ ژیان دادەنێت و داوا دەکات هەمووان لە سەری بڕۆن. ئەگەر تێگەیشتن لە هەندێک لەم شتانە ئاسان و بێ گرێ و پێچوپەنا بن، ئەوا بابەتانێک لەمانە بەهۆی ئاڵۆزی و زۆر ڕوونەکردنەوەیان دەکەونە ناو تەمومژ و بەئاسانی بۆ تێگەیشتن هەرس ناکرێن، بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەوەیە چەندین بابەت و پرسی ژیان و گەردوون کە زمانی ئایینی خودا باسی کردوون، بوونە هۆی سەرهەڵدانی چەندین بۆچوونی جیاجیا و تەنانەت دژبەیەکیش، ئەم جیاوازییانە هێندە توند بوون سەریان کێشاوە بۆ سەرهەڵدانی چەندین ئایینزا، ڕێباز، مەزهەب، گرووپ و کۆمەڵەی ئایینی، ئەمەش لێکەوتی دابەشبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەبووە و بووەتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی توند و سڕینەوەی هەندێک گرووپ و کەسانی بیرکردنەوە جیاواز و کوشتن و پێکدادانی خوێناوی بە ناوی بەرگریکردن لە ئایینەوە. "لەبەرئەوەی ئایین لەلایەکەوە نەیتوانیوە ئەو دنیابینییەی ئەو ناوی ناوە ڕۆژی پەسڵان؛ بە شوبهاندن نەبێت ڕوونیان بکاتەوە، گەوهەری ئایینە یەکتاپەرستەکان بە دەوری بیری خودادا دەسووڕێنەوە، ئەمەش نەبینراو و نابەرجەستەیە و بە نادیار دادەنرێت، یان گیان (ڕۆح) لە خۆیدا لای مرۆڤ دنیایەکی پەنهانە. بۆیە ئەو زمانەی لەم چەمکە دەدوێت، بە پێویست دەبێت زمانەکەی نارۆشن بێت. زمانی ئایینی پڕە لە تەلمیح و ڕەمز و ئیحا، واتە لەبەرئەوە هەمیشە پێیەکی لە ناو ناڕوونیدایە، بۆیە بۆ گوزارشتکردن لەو دنیا ناکۆتا و ناڕوونە پێویستیی بە زمانێکی تەمومژاوی هەیە و بیەوێت یان نا، دەکەوێتە بەکارهێنانی ئەو جۆرە زمانەوە" (نەریمان ٢٠١٣: ٢٥).

تەمومژ تەنیا لە زمانی ئایینیدا نییە، بەڵکوو لە زۆر بواری تریشدا هەیە، چ وەک پێویستی بێت، یان بە ئەنقەست، یان بە هەر هۆکارێکی تر بێت مرۆڤ تووشی ئاڵۆزی دەبێت. ناڕوونی حاڵەتێکی نادڵنیاییە کە تێگەیشتن، یان ڕوونکردنەوەی شتێک بە شێوەیەکی تەواو و یەکلاکەرەوە زەحمەتە. بۆ نموونە لە زماندا ناڕوونی ئەوە دەگەیەنێت کە زیاتر لە یەک واتای گونجاو بۆ وشەیەک، یان دەستەواژەیەک هەیە، ئەمەش دیاریکردنی واتای مەبەست و بنچینەی ئەستەم کردووە، هەروەها لە ژیاندا ڕووبەڕووی کەسان و کەسایەتیی ئاڵۆز دەبینەوە کە تێگەیشتن، یان پێشبینیکردنی هەڵسوکەوتەکانیان لە هەر دۆخێکدا قورسە، لە ئەدەب و هونەریشدا بەردەوام دۆخی تەمومژاوی دێنە بەردەممان کە زۆر کات کاری ئەنقەست و پێویستی داهێنەرەکانیانە و بۆ دروستکردنی کەشی دوودڵی و لەزەت و جۆشوخرۆش، یان بۆ وروژاندنی بیرکردنەوە و ئاراستەی جیاوازی تێگەیشتن بەکار دێت، لە وەرگرتنی زانیارییشدا بەردەوام تووشی دۆخی ناڕوونیی زانیاری دەبینەوە، ئەوەش بڕیاردانی هۆشیارانە لە ڕووداو و دیاردەکان زەحمەت دەکات، لێرەوە تەمومژ لە

زمانی ئایینیدا جگە لە تایبەتمەندی و مەیلی زمانەکە بۆ ناڕوونی، بۆ وەرگریش دۆخێکی قەبووڵکراو و ڕێزلێگیراو بووە.

جگە لە ئامانج و گرنگییەکانی تەمومژ لە زمانی ئایینیدا بۆ خاوەنی زمانەکە و گەیەنەرانی ئەو زمانە، بۆ وەرگرانیش تەمومژ دەکرێت تیغێکی دوو دەم بێت، جارێک بونیادنەر بێت بەوەی ناڕوونی دەتوانێت هاندەر بێت بۆ بیرکردنەوە و داهێنان، هانی وەرگر بدات بۆ گەڕان بەدوای ئەگەرە جیاوازەکان و مەیلی دۆزینەوەی گەوهەرە پەنهانەکان بگەشێنێتەوە. دەمێکی تری ئەو تیغەی لێڵیی زمانی ئایینی ئەوەیە کە وێرانکەرە، ناڕوونی دەبێتە هۆی سەرلێشێوان و دڵەڕاوکێ، بە تایبەتی لەو بارودۆخانەی کە پێویستیان بە بڕیاری ڕەخنەگرانە هەیە. بۆ وەرگر نەک هەر لە بەرانبەر زمانی ئایینیدا، بەڵکو بۆ هەموو کایەکانی تریش ناڕوونی قەبووڵکراوە، چونکە وەرگر دەزانێت نادڵنیایی سروشتێکی ژیانە و هیچ کەسێک لەم ژیانەدا هەموو وەڵامەکانی پێ نییە، نهێنیی بەشێکی دانبڕاو و تەنانەت هەستبزوێنی ژیانە و دەشێت هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی هەبێت. بۆیە توانای مامەڵەکردن لەگەڵ تەمومژدا بە شێوەیەکی دروست گرنگە و مرۆڤ هەوڵ دەدات لەگەڵ هەموو بارودۆخەکاندا خۆی بگونجێنێت، یان هەر نا گوێی لێ بخەوێنێت. ئەوەش قابیلی پەنجەبۆڕاکێشانە، لە فیکری نوێدا تەمومژ بە شتێکی ئەرێنی دەبینرێت، ئەرێنی لەو ڕوانگەیەوە تەمومژ ڕێ نادات واتا و ئایدیاکان بە چەقبەستوویی بمێننەوە، بۆیە بیرمەندان لە فەلسەفە و هونەر و ئەدەبدا جەختیان لە سەر سروشتی فرەواتاییی دەق و ناتەواویی هەر لێکدانەوەیەک وەک تەنیا لێکدانەوە کردووەتەوە، ئەمەش وای کردووە تەمومژ لە پەیوەندیی نێوان زمان و واقیعدا زۆر جار وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە قووڵاییی ئەزموونی مرۆڤایەتی بەکار بێت.

ئەرکی وەرگێڕی کوردیی تێکستی پیرۆزی قورئان، وەک وەرگێڕی هەر زمانێکی تر، گەیاندنی واتایە لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم، بەڵام دەبینین کاتێک لە هەندێک شوێنی ئەم تێکستە لە زمانی یەکەمدا واتا پەنهان بێت و بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات، ئەرکی وەرگێڕی کوردی چەند هێندەی تر قورستر دەبێت، کاتێک بیەوێت لە زمانی دووەمدا واتای زمانی ئایینیی قورئان وەربگێڕێت و بە وەرگری زمانی دووەمی بگەیەنێت. بۆ نموونە لە قورئاندا هەندێک وشە یان وتە هەن کە بە "موتەشابهات" یان "وشەی ناڕوون" ناو براون. ئەوانەی ڕوون نین و تەنها خودا واتای گەورەییان دەزانێت، وەک وشەکانی سەرەتای هەندێ سوورەت. بۆ نموونە لە سەرەتای سوورەتی "البقرة"دا هاتووە: "الٓمٓ..."، لە وەرگێڕاوی کتێبی قورئاندا ئەم وشەیە بە "ئەلیف، لام، میم" هاتووە و ڕوون نەکراوەتەوە و نەکراوەتە کوردی، وەک ئاماژەیەک بە ناڕوونی و مانەوەی واتاکەی لەلای خودا.

٣-٢. میتافۆڕ (المجاز)

لەبەر زۆر هۆکار، زمانی ئایینی پەنا بۆ بەکارهێنانی میتافۆڕ دەبات. میتافۆڕ؛ بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ واتایەک جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی. لەوانەشە پەیوەندییەکی هاوشێوە لە نێوان واتای بنەڕەتی و مەجازیدا (خوازەیی) هەبێت، کە ڕێی بۆ ئەم بەکارهێنانە خۆش کردووە، واتە میتافۆڕ وەک جورجانی دەڵێت: "وشەیەکە لە چوارچێوەی زمانەکەدا ماناکەی دەناسرێت، دواتر لە چوارچێوەیەکی تردا جگە لەو چوارچێوەیەی خۆی بەکار دەهێنرێت و مانایەکی تری لێ بار دەکرێت" ( الجرجاني ٢٠٠١: ٢٢).

زمانەوانیی درکپێکردنیش پێی وا نییە میتافۆڕ بەس شێوازێکی ئاخاوتن بێت، بەڵکوو ناواخنی کار و بیری مرۆڤە. مرۆڤ هەوڵ دەدات بۆ تێگەیشتن لە چەمکە ئەبستراکتەکان پەنا بۆ چەمکی کۆنکرێتی و بەرجەستە ببات، ئەویش بە پێی تیۆری میتافۆرە چەمکییەکان. سانتا ئانا لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆگنیتیڤەوە دەڵێت: "میتافۆری چەمکی توانای بەرهەمهێنانی میتافۆری نوێیان هەیە، میتافۆڕ لە هەموو بارەکاندا پرۆسەیەکی بونیادنەرانە و خوڵقێنەرانەیە نەک جێگیر و چەسپاو" (Ana 2002: 202).

بەگشتی میتافۆڕ لە زمانەوانیی دێرین و زمانەوانیی کۆگنیتیڤ تەواو جیاوازن، زمانەوانیی دێرین میتافۆڕ وەکوو تایبەتمەندیی وشە و دیاردەیەکی زمانی دەبینێت، هەر چی زمانەوانیی کۆگنیتیڤە؛ میتافۆڕ وەک تایبەتمەندیی چەمکەکان لە ئاوەزی مرۆڤدا سەیر دەکات.

بە پێی زمانەوانیی دێرین، میتافۆڕ تەنیا لە هونەری ڕەوانبێژیدا بەکار هاتووە، ڕۆڵی هێنانەکایەی کەشێکی ئیستاتیکیی بینیوە، بەڵام بەلای زمانەوانیی کۆگنیتیڤەوە ڕۆڵی میتافۆڕ باشتر تێگەیشتنە لە هەندێک چەمکی دیاریکراو کە مەرجیش نییە لە سەر بناغەی بەراورد و لێکچوواندن هاتبێتنە کایەوە. ئەم میتافۆرانە میتافۆری چەمکین و لە ناو ئاوەزی مرۆڤدا ڕەنگدانەوەیان هەیە، دواتر دێنە سەر زمانی مرۆڤ. بە بۆچوونی کەوڤیکسس، "زۆر جار میتافۆڕ لە سەر بنەما و پێشینەی کولتووری واتاکەی دیاری دەکرێت" (Kovecses 2005: 360).

میتافۆڕ بابەتێکی قووڵە، لە زمان، ئەدەب، هونەر، فەلسەفە، زانست و ژیانی ڕۆژانەشدا هەیە، ئەوەی لێرەدا بۆمان گرنگە ئەوەیە گرنگیی میتافۆڕ خۆی چییە و لە زمانی ئایینیدا دەبێت بە چی؟ میتافۆڕەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە زمان و بیرکردنەوە و پەیوەندیی مرۆڤدا، بەڵام میتافۆڕەکانی زمانی ئایینی زێدەتر خەرمانەیەک بە دەوری تێکستی ئایینیدا دروست دەکەن. بۆ ئەفسووناویکردنی مرۆڤ و سەرهەڵدانی هەستی سەرسامی و تەنانەت ترسیش. میتافۆڕەکانی بوارەکانی ژیان یارمەتیمان دەدەن تا جیهان بە شێوازێکی نوێ و داهێنەرانە ببینین، کەچی میتافۆڕەکانی زمانی ئایینی جیهانی پەنهان زیاتر تاریک دەکەن و هەستی بینین لە ئاستیدا کوێر دەکەن. میتافۆڕەکانی بوارەکانی ژیان یارمەتیی تێگەیشتن دەدەن لە چەمکە ئاڵۆزەکان، بەڵام میتافۆڕەکانی زمانی ئایینی بۆ مرۆڤی دەسەلمێنن کە ئاستی تێگەیشتنی لە بەردەم خودا و بوون و گەردوون و قیامەت... هتد؛ هەر زۆر سنووردارە و تێگەیشتنی تەواو لێیان زۆر ئەستەمە. میتافۆڕەکانی بوارەکانی ژیان وا دەکەن مرۆڤ هەست و بیرۆکەکانی پەرە پێ بدات و بە شێوەیەکی کاریگەرتر دەریانببڕێت، بەڵام میتافۆڕەکانی زمانی ئایینی هەست و بیرۆکەکانی مرۆڤ دەکاتە کۆپی و پەراوێزی خۆی. میتافۆڕەکانی بوارەکانی ژیان وا لە مرۆڤ دەکات پەیوەندیی سۆزداری و ناسک بە مرۆڤی تریەوە ببەستێتەوە، بەڵام میتافۆڕەکانی زمانی ئایینی هەست و سۆزداریی مرۆڤ دەخەنە خزمەت ئایین و پەیامەکانی. بە کورتی: میتافۆڕ ئامرازێکی کاریگەرە، هاوکاریمان دەکات بەهۆی بەکارهێنانی زمان و وێنە و چەمکەکانەوە بە قووڵی و کاریگەرتر بەر ژیان و جیهان بکەوین، بەڵام میتافۆڕەکانی زمانی ئایینی؛ قووڵی و کاریگەری بۆ خۆیان قۆرخ دەکەن و سەراسیمەبوونیش بۆ ئێمە. هەروەک ئەوەی خودا بە بێباوەڕان و تەنانەت باوەڕدارانیش دەڵێت، پرسیار لە فلان و فیسار بابەت مەکە، چونکە تێیناگەن و نازانن: (ٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ)

(البقرة: ٢١٦)، واتە: "خوا دەزانێ و ئێوە سەری لێ دەرناکەن." لە قورئاندا (يد الله، وجه الله، عين الله) بە ماناکانی (دەست، ڕوخسار و چاوی خودا) لەو میتافۆڕانەن بەهایان لە واتای ناوەوە (باطن)دایە و لە ڕووکەشەوە دوورن. هەروەها وشەی "الروح" لەوانەیە کە زانیاریی تەواوی تەنها لای خودایە: (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِي...) (الإسراء: ٨٥)، واتە: "لە تۆ دەپرسن: گیان چییە؟ بێژە: گیان هەر لەوانەیە کە پەروەرندەم دەیزانێ، ئێوە کەمێکتان لە زانست پێ دراوە."

هەر زمانێک بە شێوەی خۆی میتافۆڕ بەکار دەهێنێت، بۆیە دەسەڵاتی وەرگێڕ لەوەدا دەردەکەوێت لەکاتی گواستنەوەی ئەم میتافۆڕانە بۆ زمانی دووەم، سەرلەنوێ بە پێی میکانیزمەکانی زمانی دووەم ئەو میتافۆڕانە دروست بکاتەوە.

### ٣-٣. وێنەی شیعری (الصورة الشعرية)

کاتێک زمانی ئایینی بە ڕەوانبێژییەکی بەرز داڕێژرابێت، لە ڕوانگەی ئایین خۆیەوە ڕەوانبێژیی زمانی ئایینی بێهاوتا و نموونەی نەبێت، حەتمەن دەبێت ئەو زمانە لە ڕێی ئەو ڕەوانبێژییەوە پڕ بێت لە وێنەی شیعری. وێنەی شیعری کۆڵەکەی زمانێکە کە ڕەوانبێژییەکەی لە ئاستێکی بەرزدا بێت. هونەرەکانی ڕەوانبێژی کاری سەرەکییان بەرهەمهێنانی زمانی شیعرییە.

وێنەی شیعری ئەو دەربڕدراوە هونەرییانەیە کە ڕەهەندی نوێ بە واتا دەبەخشن و کاریگەرتری دەکەن (کێشانی وێنەیە بە وشە، کە شاعیر لە ڕێیەوە هەستوسۆز و دەروونی خۆی دەردەبڕێت) (لاحطاب :٢٠١٨ ١٨٩). وێنەی شیعری یارمەتیدەرە لە وروژاندنی خەیاڵی وەرگر و وای لێ دەکات بە شێوەیەکی تایبەتی کارلێک لەگەڵ دەقەکەدا بکات. لە هەمووی گرنگتر وێنەی شیعری دەربڕینی هەستە. هەست و سۆز بە شێوازێکی هونەری و کاریگەر دەخرێنە چوارچێوەی تێکستەوە، ئینجا ئەوەش دەبێتە هۆی دروستکردنی جوانی. وێنە شیعرییەکان یارمەتیدەرن لە دروستکردنی جوانیی تێکست و سەرنجڕاکێشتر و چێژبەخشتری دەکەن. لە کاتی خوێندنەوەی تێکستەکەدا بەهۆی وێنە شیعرییەکانەوە هەست بە ڕیتمێک لە خوێندنەوە دەکەین. ئەو ڕیتمە موزیکی ناوەکیی دەقە و یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی کەشێکی گونجاو بەکاریگەریدانان لە سەر وەرگر. وێنەی شیعری ئامرازێکی هونەرییە کە جوانیخوازی و کاریگەریی تێکست بەهێز دەکەن و یارمەتیی شاعیر دەدەن بینین و هەستەکانی قووڵتر و داهێنەرانەتر دەرببڕێت، تێکڕا ئەم تایبەتمەندییانە لە زمانی ئایینی خودادا دەبینرێت. بۆیە لە سەرەتاوە باوەڕ بە پێغەبەرایەتیی پێغەمبەر نەکراوە و پێیان گوتووە و شاعیر و دەقی قورئانیشیان بە شیعر ناو بردووە.

لە هەر تێکستێکدا زمان بە شێوەیەکی قەشەنگ خۆی نمایش بکات، ڕیتمی ئاسایی ناو خەڵک تێیپەڕێنێت، ئەم دۆخە بە شێوەیەکی تایبەت لێی دەڕوانرێت و ناوێکی بۆ دەدۆزرێتەوە، یان لێی دەنرێت، کە هەرە بیستراوەکەی ئەوەیە بە نووسەرەکەی دەگوترێت شاعیر. هەر لەم سۆنگەیەوە ئەوانەی بەرهەڵستیی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامیان دەکرد و کەوتنە دژایەتیی پێغەمبەری ئیسلام، قورئانیان وەک دەقێکی شیعری ناساند و دانیان بە پێغەمبەراتیی محەمەددا نەدەنا و بە شاعیر لەقەڵەمیان دەدات. قورئان و محەمەد و موسوڵمانانیش بە توندی دژی ئەم جۆرە ڕوانینە بوون و بە تۆمەت و ناڕەوا لێکیان دەدایەوە. لەم بارەیەوە ئەم ئایەتانە لە ناو قورئاندا تۆمار کراون:

(أَ بَلْ قَالُوا أَضْغَاثُ أَحْلَامٍ بَلِ افْتَرَاهُ بَلْ هُوَ شَاعِرٌ فَلْيَأْتِنَا بِآيَةٍ كَمَا أُرْسِلَ الْأَوَّلُونَ) (الأنبياء: ٥)، واتە: "گوتیان: خەونە درۆزنەیە، نەخێر خۆی هەڵیبەستووە، دەشبێ هەر خۆی شاعیرێک بێ. دەسا با نیشانەیەکمان نیشان بدات، وەک پێغەمبەرانی پێشوو.'' گوایە ئەم قورئانە خەو و خەیاڵی بێسەروبەرە، یاخود محەمەد خۆی هەڵیبەستووە، بەڵکوو ئەو کەسێکی شاعیرە دەبا بەڵگە و پەرجوویەک بهێنێت وەک پێغەمبەرانی پێشوو. (وَيَقُوْلُوْنَ اَئِنَّا لَتَارِكُوْٓا اٰلِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُوْنٍ) (الصافات ٣٦)، واتە: "دەشیاندرکاند: ئێمە بۆ شاعیرێکی شێت؛ چۆن واز دێنین لەوانەی پەرستوومانن!"

قورئان و پێغەمبەر و کۆی سەرچاوەکانی کەلەپووری ئیسلامی بە توندی دژی ئەوە دەوەستنەوە کە دەقی قورئان شیعر و محەمەدیش شاعیر بێت، تەنانەت بە توندی پێداگیری لەوە دەکەن کە نەک هەر دەقی قورئان شیعر نییە، بەڵکوو خودی محەمەد پێشتر بە هیچ جۆرێک پەیوەندیی لەگەڵ شیعردا نەبووە. ئەگەرچی نە لەو سەردەمە و نە پێشتر و دواتر و ئێستاش بە هەر کەسێک بگوترێت شاعیر تۆمەت نییە و بەکارێکی نارەوا نایەتە حساب و هەر کەسێک دەقێک بنووسێت پێی بگوترێت ئەوە دەقێکی شیعرییە؛ تۆمەت نییە، بگرە جۆرێکیشە لە پێداهەڵدان، بەڵام قورئان و پێغەمبەر و موسوڵمان بۆیە بە تۆمەت و بڕیاری ناڕاستی نەیارانیان دەزانی، بۆ ئەوەی پەیامی پێغەمبەر وەک ئایین و پەیامی خودایی بگاتە ناو خەڵک و لە سەر زەوی بڵاو ببێتەوە، تا پێغەمبەر وەک نێردراو و هەڵبژێردراوی خودا و پەیامەکەی وەک ئایینێکی گەردوونی و قسەی یەزدان بناسرێت، نەک لە دەقێکی شیعریدا بچووک بکرێتەوە و خۆیشی وەک شاعیرێکی ئاسایی بناسرێت.

وەرگێڕانی شیعر بابەتێکی کێشەئامێزە و لە مێژە جێی مشتومڕە، زمانی ئایینیش کە هەڵگری ئەم زمانە شیعرییەیە؛ بۆ وەرگێڕ دەبێتە ئەرکێکی قورس، چونکە دروستکردنەوەی زمانی شیعری لە ناو زمانی دووەمدا کارێکی ئاسان نییە.

## ئەنجام

بەهێزترین تایبەتمەندیی زمانی ئایینی ئەوەیە کە زمانێکی خوداییە، زمانی وەرگێڕیش زمانی مرۆڤە، دروستکردنەوەی ئەم زمانە خوداییە بە دەست و هزری مرۆڤی وەرگێڕ لە زمانی دووەمدا کارێکی ئەستەمە ئەگەر نەکردەیش نەبێت. ڕواڵەتی زمانی ئایینی تایبەت و ناوازەیە، بەو واتایەی لە خودی واتای ڕواڵەتیش هەڵدەگەڕێتەوە و وەک ناوەرۆک کاریگەری لە سەر وەرگر دادەنێت. کاتێک وەرگێڕ هەموو هەوڵی بۆ گەیاندنی واتا و ناوەرۆکی زمانی ئایینی بێت، ئەستەمە بتوانێت ڕواڵەتی ناوازەی زمانی ئایینی بۆ زمانی دووەم بگوازێتەوە. ڕەوانبێژیی قورئان جودایە لە ڕەوانبێژیی هەر دەقێکی تر، دروستکردنەوەی ئەو ڕەوانبێژییە لە زمانی دووەمدا بەو ئاستە بەرزەی ڕەوانبێژی کە زمانی ئاینی ئاڵنگاریی پێ دەکات و دەڵێت مرۆڤ ناتوانێت دەقێکی وەها دروست بکات، بۆ وەرگێڕیش دەبێت بەکارێکی نەکردە و ئەوەی لە زمانی دووەمدا دروستی دەکاتەوە؛ دەبێتە لێکدانەوە و ڕاڤە و ڕوونکردنەوە، نەک وەرگێڕانی تەواو.

## سەرچاوەکان

- القرآن الكريم
- تێبینی: بۆ وەرگێڕانی دەقی ئایەتەکانی قورئان؛ سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
هـەژار، عـەبدوڕەحمان شـەرەفکـەندی (٢٠٠) قورئانی پیرۆز بە کوردی. (وەرگێڕدراو).
پێداچوونەوە: محمدهادی مرادی و ماجد مردوخ روحانی، تاران: انتشارات تازە نگاه و نشر احسان.
بە کوردی:
- تۆفیق، قەیس کاکل (٢٠٢٠) زمان و ئایین، تاران، چاپخانەی ماد.
- نەریمان، بەهمەن تاهیر. (٢٠١٣) کاریگەریی قورئان لە سەر زمانی کوردی.
نامەی ماستەر، سکوڵی زمان/ فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی.
بە عەرەبی:
- إبنفارس، احمد. (١٣٧١). مقاييش اللغة، تحقيق: عبدالسلام هارون. قاهرة: دار احياء الكتب.
- اسماعيل، شعبان محمد. (١٩٧٨) مع القرآن الكريم. قاهرة: دار الاتحاد العربي للطباعة.
- الأصفهاني، أبـو القاسم الحسين بن محمد المعروف بالراغب. ١٤١٢هـ المفردات
في غريب القرآن، ط الأولى. دمشق-بيروت: دار القلم الدار الشامية.
- الجرجاني، عبد القاهر. (٢٠٠١) أسرار البلاغة تحقيق محمد رشيد رضا. ط ٤ . بيروت: دار الكتب العلمية.
- الحنفي، أبو البقاء، بن موسى أيوب. ١٩٩٨. الكليات معجم في المصطلحات والفروق اللغوية.
بيروت: مؤسسة الرسالة.
- الدين، ع. نـواب. (١٤١٣) كيف تحفظ القرآن الكريم ط٣. المدينة: مكتبة إبن القيم.
- الرومي، فهد بن عبد الرحمن بن سليمان (٢٠٠٣) دراسـات في علوم القرآن الكريم. الطبعة: الثانية عشرة.
الرياض: كليه المعلمين بالرياض.
- الزركشي، محمد بن بهادر بن عبدالله. (١٩٨٤) البرهان في علوم القران، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم.
القاهرة: دار التراث.
- السيوطى، جلال الدين. (١٩٧٤) الإتقان في علوم القرآن/١. بيروت: دارالكتاب العربي.
- الطوبان، ابن تيمية، تحقيق: عبد العزيز بن صالح. (٢٠٠٠) النبوات. الرياض: أضواء السلف.
- العسكري، أبو هلال الحسن بن عبد الله بن سهل بن سعيد بن يحيى بن مهران. ١٤١٩هـ الصناعتين،
المحقق: علي محمد البجاوي ومحمد أبو الفضل إبراهيم. بيروت: المكتبة العصرية.
- القرطبى، إبو عبد الله محمد بن أحمد بن إبي بكر الأنصاري (٢٠٠٣) الجامع لإحكام القرآن، ج١، المحقق:
هشام سمير البخاري. الرياض: دار عالم الكتب.
- المغامسى، س. (٢٠٠٤) "أثر حفظ القرآن الكريم في التحصيل الدراسي بالمرحلة الجامعية.
"مجلة جامعة الملك سعود العلوم و التربوية الدراسات الإسلامية.
- المهدى، الصالح. (١٩٩٣) الموسيقى العربية. بيروت: دارالغرب الاسلامى.
- النحلاوي، ع. (٢٠١٠) أصول التربية الإسلامية وأساليبها. ط١. دمشق: دارالفكر المعاصر.
- النـووى، إبو زكريا محيى الدين بن شرف. (٢٠١١) التبيان في آداب حملة القرآن. بيروت: دار المنهاج.
- باي، ماريو. (١٩٩٨) أسس علم اللغة، ترجمة

وتعليق الدكتور أحمد مختار عمر. الطبعة الثامنة. الرياض: عالم الكتب.

- بنحدو، جمال الدين. (٢٠١٠) مدخل إلى تاريخ موسيقا الأديان. سورية: دار الأوائل.

- حطاب، طانية. (٢٠١٧) الصورة الشعرية في تصور الجاحظ وعبد القاهر الجرجاني، جسور المعرفة، العدد العاشر، صفحة ١٨٨-١٩١.

- خلدون، عبد الرحمن ابن. (٢٠١٤) مقدمة ابن خلدون. مصر: مطبعة مصطفى محمد.

- سەخاوی، علم الدين بن محمد. بی تا. جمال القراء و كمال الاقراء/٢. قم: كتابخانه آيةالله مرعشى.

- شحرور، محمد (٢٠١٨) الكتاب والقرآن- قراءة معاصرة .ديمشق-سورية: الأهالي للطباعة والنشر و التوزيع.

- طباطبايى، سيد محمد حسين. (١٣٨٧) سنن النبى، مترجم: سيد محمد حسين سجاد. بى جا: انتشارات نور ثامن.

- كايوا، روجية. (٢٠١٠) الأنسان و المقدس، ت، سميرة ريشا. بيروت: المنظمة العربية للترجمة.

- مجلسى، محمد باقر. (١٤٠٤) بحار الانوار. بيروت: موسسة الوفاء.

- معاذ، مها محمد فوزي. (٢٠٠٩) انثروبولوجيا اللغة. الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية، جامعة الاسكندرية.

- وافي، علي عبدالواحيد. (٢٠٠٤) علم اللغة. الطبعة التاسعة. القاهرة: نهضي مصر، للطباعة والنشر و التوزيع.

- غرابة، حمودة. (٢٠١٣) ابن سينا بين الدين والفلسفة. تقديم: د. محمد البهي. القاهرة: دار الطباعة والنشر الإسلامية.

- فارس، احمد ابن. (١٣٧١) مقاييش اللغة، تحقيق: عبدالسلام هارون. قاهرة: دار احياء الكتب.

فارسى:

- رحمانى، سعيد. (١٣٩٣) بررسى تطبيقى روش هاى آموزش قرآن كريم. تهران: مركز طبع ونشر قرآن كريم.

- كاشانى، محمد بن شاه مرتضى فيض. (١٣٨٧) تفسير صافى/١. تهران: انتشارات نويد اسلام.

بە ئینگلیزی:

-Ana, Otto Santa. 2002. Brown Tide Rising: Metaphors of:Latinos in Contemporary American public discourse. Austin: University of Texas press.

-Eliade, Mircea. 1963. The Sacred and The Profane: The Nature of Religion. New York: A Harvest Book -Harcourt, Brace & World, Inc.

- Kovecses, Zoltán2. 2005. Metaphor in Culture. Cambridge: Universality and Variation - Cambridge University Press.

- Otto, Rudolf. 1924. The Idea of the Holy. England: printed in England.

## الملخص

خصائص اللغة الدينية- إن عملية التكريد هي مثال على ذلك يتناول هذا البحث فهم اللغة الدينية بعمق أكبر وتحليل تأثير الترجمة على هذه اللغة، مع التركيز على الدين الإسلامي كنموذج. يسلط الضوء على تقسيمات اللغة الإسلامية بين النص القرآني وكتب السنة، وما تبعه من ظهور التفاسير والتأويلات التي أدت إلى تشكيل جماعات وفرق مختلفة. كل منها يتميز بخصائص لغوية فريدة، مما يجعل نص القرآن الكريم محور التركيز الأساسي في هذا العمل. أما أهمية البحث، فهي لا تقتصر على كونه ضرورة أكاديمية؛ بل يكتسب أهمية إضافية لندرته في الأبحاث الكردية وعدم استكشاف العديد من جوانبه باللغة الكردية. منهجية البحث اعتمدت بشكل رئيسي على المنهج الإرتباط التحليلي، مع الاستفادة من علم اللسانيات المعرفية لتحقيق نتائج ملموسة، من بينها تأثير سلطة الترجمة على اللغة الدينية. هيكل البحث يتكون من ثلاثة أقسام: القسم الأول، اللغة الدينية – لغة إلهية يتناول هذا القسم خصائص اللغة الدينية، مثل القداسة، الخلود، الإلهام، الثبات، والغموض، مسلطا الضوء على صفاتها الإلهية. القسم الثاني: طقوسية اللغة الدينية يركز هذا القسم على طقوس اللغة الدينية ويعرض موضوعات مثل جمال التلاوة والحفظ كجزء من هذه الطقوس. القسم الثالث: بلاغة اللغة الدينية يناقش هذا القسم عناصر البلاغة كالرمز، الاستعارة، والصورة الشعرية في سياق اللغة الدينية.


الكلمات المفتاحية: اللغة الدينية، القداسة، الاستعارة، غامض، الغيب.


## Abstract

This research, conducted as an academic necessity and simultaneously for a deeper understanding of religious language, focuses on the field of religious language. Among religions, our specific subject is the Islamic religion. Notably, the language of Islam is divided into the textual language of the Quran and the books of Sunnah, followed by the emergence of numerous sects, schools of thought, and diverse groups, each of which may possess its own linguistic characteristics. Therefore, our focus here is the religious language of the sacred text of the Quran. The selection of this topic and the determination of its title, (Characteristics of Religious Language-The process of Kurdization is an example), is not only an academic necessity but also addresses a noticeable scarcity of such research in the Kurdish language. Religious language is a vastly underexplored subject, with little academic research conducted in Kurdish. In this study, a Correlation Analysis Approach has been followed, and by relying on cognitive linguistics, an effort has been made to conduct the research and derive a set of conclusions. This research consists of three sections: The first section, titled Religious Language: The Divine Language, refers to a set of divine attributes of religious language, including holiness, miracle, revelation, immutability, and invisibility. The second section, titled (The Musicality of Religious Language), discusses topics such as (euphony, and memorability) as features of religious language. The third section, titled (The Rhetoric of Religious Language), examines topics such as (vagueness, metaphor, and poetic imagery) in religious language.


Keywords: Religious language, sacredness, metaphor, obscure, uncertain.